**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**
**ژمارە: ٣٢٦٠ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٨**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە برگەی (سێیەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ، بۆ رێکخستن و پەیرەوکردنی شێوازێکی گونجاو و یاسایی لە بواری مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی مۆڵەتی ئەو کار و پیشانەی لە رووی تایبەتمەندییەوە مۆڵەتدان و چاودێری و بەسەرکردنەوەیان لە ئەستۆی وەزارەتمان، بڕیارماندابە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:

**رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**مۆڵەتدانی خاوەن پیشە هونەرییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):** مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە واتاکەی بەرامبەریانە بۆ ئەم رێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: حکومەت:** حکومەت هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: وەزارەت:** وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

**چوارەم: وەزیر:** وەزیری رۆشنبیری و لاوان.

**پێنجەم: بەرێوەبەری گشتی:** بەرێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری پارێزگا، بەرێوەبەری گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە.

**شەشەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی:** بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری پارێزگا، بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەرێوەبەرایەتیەکانی ئیدارە سەربەخۆکان.

**حەوتەم: خاوەن پیشە هونەرییەکان:** هەموو ئەو کەسانەن کە مۆڵەتدانیان لە وەزارەتە، بەپێی پۆلێنکردنیان لە لیستی ئەم رێنماییە، ئەمەش بەپێی جۆری پیشەکانیان کە لە لیستەکە ئاماژەی پێکراوە.

**ماددەی (٢): مەرجەکانی مۆڵەتدان بۆ یەکەم جار:**

**یەکەم:** هەر هاووڵاتییەک بیەوێت مۆڵەت وەربگرێت، سەرەتا بەپێی (جۆری پیشەکەی) داواکارییەک پێشکەش بە (بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەر) یان (بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە) یان (بەرێوەبەرایەتیەکانی ئیدارە سەربەخۆکان)ی شارەکان دەکات، دواتر بەرز دەکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکە، بۆ رەزامەندی وەرگرتن، دەبێت داواکارییەکە مێژووی رۆژی لەسەر بێت، پاشان ئەو بەڵگەنامانەش دەخاتە بەردەست:

١- دەبێت تەمەنی داواکاربۆ وەرگرتنی مۆڵەت لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- ئەگەر فەرمانبەر بێت، دەبێت بە فەرمی لاری نەبوونی وەزیری پەیوەنداری هەبێت بۆ ئەم کارە.
٣- فۆتۆکۆپی ڕەگەزنامەی عێراقی (الجنسية العراقية) یان کارتی نیشتمانی.
٤- کارتی نیشتمانی، بۆ کەسانی بیانی دەبێت ئیقامەی کار و نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان هەبێت، بەمەرجێک لە (١) یەک ساڵ کەمتر نەبێت.
٥- وێنەی نوێ.
٦- بڕوانامەی خوێندن، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە بیسەلمێنێ خوازیاری داواکاری مۆڵەت خوێندەواری هەیە، بەپێی داواکاری پیشەکەی.
٧- پشگیری باجی دەرامەت بۆ سەلماندنی ئەوەی قەرزاری دەوڵەت نییە و باجی دەرامەتی ئەو ساڵەشی داوە کە مۆڵەتی تێدا وەردەگریت.
٨- ڕەزامەندی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان (کاروباری ناوخۆ یان ئاسایشی پارێزگا) بۆ ئەوانەی جاری یەکەم مۆڵەت وەردەگرن.
٩- بەڵگەنامەی وەرگرتنی ناوی بازرگانی لە ژووری بازرگانی پارێزگا بۆ وەرگرتنی یەکەم مۆڵەت.
١٠- گرێبەستی دوکان یان کار یان شوێن یان نووسینگە کە کاری تێدا دەکات، بەمەرجێک لە بەڕێوەبەرایەتی باجی موڵکایەتیدا پەسەند کرابێت و ڕەزامەندی درابێت، یان بۆ ئەو شوێنانەی تاپۆ نین پشگیری قائیمقام یان بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکانی پێویستە، یان پشتگیری باجی خانوبەرە بهێنێت کە لارییان نییە لە جێبەجێکردنی کاری هاووڵاتییەکە بەمەرجێک لە پشتگیرییەکە ناوی خاوەن موڵک و ژمارەی موڵک و ناوی کرێچی دیاری کرابێت، خاوەن موڵک قەرزاری ئەو ساڵە نەبێت کە مۆڵەتەکە وەردەگرێت یان نوێی دەکاتەوە.
١١- هاووڵاتی بۆی هەیە لە مۆڵەتێک زیاتری هەبێت، بەمەرجێک بریکاری ڕەسمی بۆ شوێنەکانی دیکەی هەبێت یان پشگیری خانووبەرە کە لارییان نییە هاوڵاتی ئەم کارە بکات، بەمەرجێک ژمارەی موڵک و ناوی خاوەن موڵکی تێدا بێت.
١٢- ئەو کرێکارانەی کە لەم شوینانە کار دەکەن، دەبێت دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکەن .

**دووەم:** داواکاری مۆڵەت دەبێت بەڵێن بدات کە پابەندی هەموو ڕێنماییەکانی وەزارەت بێت لەم بوارانەی خوارەوە:
١- بەر لە تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتەکەی دەبێت داوای تازەکردنەوەی بکات.
٢- ڕۆژی یەکەمی دوای تەواوبوونی مۆڵەتی پێشووی بە یەکەم ڕۆژی مۆڵەتی تازەی دەژمێردریت ئەگەر هاتوو ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەت دانەوەی درا.
٣- گواستنەوە یان گۆڕینی ناوی شوێن یان پیشە یان زیادکردنی پیشەیەکی تر بۆ سەر کارەکەی یان هەر کارێکی دیکەی پەیوەندیدار بە گۆڕانکاری لە کارەکەیدا، دەبێت مۆڵەت دراو لە گۆڕانکارییەکان بە نووسین بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکە ئاگادار بکاتەوە و ڕەزامەندی پێشوەختە وەربگریت، بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

٤- ئەو خاوەن مۆڵەتەی مۆڵەتەکەی نوێ ناکاتەوە دوای ساڵێک یان زیاتر، پێویستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکان بکات بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی، دەبێت خاوەن مۆڵەت داواکارییەک پێشکەش بکات، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی، دواتر پێویستە لیژنەی کەشفی بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکە سەردانی شوێنی کارکردنی خاوەن مۆڵەت بکات دوای وەرگرتنی زانیاری و شاهیدی دوو دراوسێ دوکان، کە ئاگادارن لەو بابەتە وە ژمارەی پێناس و ژمارەی تەلەفۆنیان لێ وەربگیرێت و دەبێت واژۆ لەسەر کۆنوسەکە بکەن، کە وەک بەڵگە وەردەگیرێت، کە خاوەن مۆڵەت کاری نەکردووە یان بۆ چەند ساڵێک کاری کردووە و دواتر مولکەکەی ڕادەستی خاوەن مولک کردۆتەوە، ئەوا رسومی ئەو ساڵانەی لێ وەردەگیرێت کە کاری لە دوکانەکەدا کردووە دواتر مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە لەو ڕێکەوتەی کە دوکانەکەی چۆڵ کردووە.

**سێیەم:** پێدانی مۆڵەت بۆماوەی (١) یەک ساڵ دەبێت، بۆ نوێکردنەوە مۆڵەت دەکرێت لە نێوان (١ تا ٣) ساڵ بێت، بەپێی داواکاری مۆڵەت پێدراو.

**چوارەم:** نوێکردنەوەی مۆڵەت ساڵانەیە ئەگەر هاووڵاتییەک لە دوای تەواوبوونی ساڵەکە مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە لەکاتی نوێکردنەوەی رسوماتی هەموو ساڵەکانی لێ وەردەگیرێت.

**پێنجەم:** نوێکردنەوەی مۆڵەت ساڵانەیە ئەگەر هاووڵاتییەک لە دوای تەواوبوونی ساڵەکە مۆڵەتەکەی نوێ نەکردەوە لەکاتی نوێکردنەوەی رسوماتی هەموو ساڵەکانی لێ وەردەگیرێت، هەموو ئەو کەسانەی وەکو کەسی دووەم یان هاوبەش یان وەکو کارمەند لەلای کەسی یەکەمی مۆڵەتدراو کار دەکەن، دەبێت شوناسنامەی تایبەتیان پێ بدرێت دوای ئەوەی ڕەزامەندی بۆ وەردەگیرێت، ئەوانیش کە وەکو نوێنەر کار دەکەن دەبێت لە (فەرمانگەی دادنووسی)ەوە وەکالەتی ڕەسمییان بۆ کرابێت لەلایەن کەسی مۆڵەتدراوەوە لەپاڵ ڕەزامەندیی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی (٣):**

مەرجەکانی تازەکردنەوەی مۆڵەت: هەر داواکارێک بۆ تازەکردنەوەی مۆڵەتەکەی داواکارییەک پێشکەش بە بەڕیوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکەی دەکات، پاش ڕەزامەندی ئەم بەڵگەنامانە دەخاتە ڕوو:

١- بەڵگەنامەی دانی باجی دەرامەت بۆ ئەو ساڵەی کە مۆڵەتی تێدا تازە دەکاتەوە.

٢- یەک وێنەی نوێ.

٣- گەڕاندنەوەی ناسنامە و ئەنکێتی مۆڵەتی ساڵی پێشوو.

٤- بەڵگەنامەی ڕەزامەندی دەزگاکانی (وەزارەتی ناوخۆ) و (ئاسایشی پارێزگا) ئەگەر گرفتێک لە کارەکەیدا هەبێت.

٥- ئیقامەی کار و نیشتەجێ بوون.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** ئەم پیشانەی خوارەوە مۆڵەتی یاسایی دەیانگرێتەوە و هەموو ئەو کەس و داواکارانە لەم بوارانەدا کار دەکەن دەبێت مۆڵەتی یاساییان هەبێت، بەپێچەوانەوە بواری کارکردنیان نادرێت.

**دووەم:** هەر پیشەیەکی تری نزیک لەم جۆرە پیشانە بێتە کایەوە، خاوەن پیشەکە دەبێت مۆڵەتی یاسایی بۆ وەربگرێت.

**پیشەکان:**

١- کۆمپانیاو نووسینگە ڕۆشنبیری و هونەری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و چاپ و ڕیکلام کە مۆڵەتیان لە وەزارەتی بازرگانی پێدراوە.

٢- شوێنەکانی چاپی سکرین.

٣- نووسینگەی زەنگۆگراف و کاری هەڵکۆڵین.

٤- نووسینگەی ڕێکخستنی ئاهەنگەکان و فێرگە هونەرییەکان.

٥- نووسینگەی کاری کۆمپیوتەر.

٦- سەنتەرەکانی کاری فرۆشتنی CD و DVD .

٧- تۆمارگەکانی کاسێت.

٨- ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ.

٩- فۆتۆکۆپی و کەپسی ناسنامە.

١٠- نوسینگەکانی نەخشەسازی و کاری دەستی.

١١- نوسینگەکانی مۆر هەڵکەندن.

١٢- کتێبخانە و پەراوگەکان.

١٣- نووسینگەکانی خۆشنووسی بە هەموو جۆرەکانیەوە.

١٤- ئیعلاناتی (ضوئی) و فلیکس و بارز، شاشە.

١٥- تاقیگەکانی شوشتنەوەی وێنە.

١٦- ستۆدیۆکانی وێنەگرتن.

١٧- وێنەگرانی گەڕۆکی ڤیدیۆ.

١٨- وێنەگرانی گەڕۆکی فۆتۆ، یان وێنەگرانی گەڕۆک ئەوانەی سەر بە ستۆدیۆی وێنەگرتنن.

١٩- نووسینگەکانی تجلیدی کتێب.

٢٠- دروستکردنی پێناسی پلاستیکی.

٢١- نووسینگەکانی فرۆشتنی کەلوپەلی فۆلکلۆری.

٢٢- نووسینگەکانی فرۆشتنی مۆمیاکراوەکان.

٢٣- نووسینگەی فرۆشتن و بەکرێدانی کەرەستەکانی فیلمسازی و سینەما.

٢٤- فۆتۆگرافەر.

٢٥- نووسینگەی فرۆشتن و بەکرێدانی ئامێر و کەرەستەکانی موزیک.

٢٦- نووسینگەکانی ڕاهێنانی هونەری و ڕۆشنبیری، تیپە هونەرییەکان.

**ماددەی (٥): کتێبخانەکان:** بۆ مۆڵەتدانی کتێبخانەکان ئەم خاڵانەش دەبێت پەیڕەو بکرین:

١- جگە لە وەرگرتنی مۆڵەتی کتێبخانە دەتوانێت مۆڵەتی فۆتۆکۆپیش وەربگرێت گەر ئامێری فۆتۆکۆپی بەکاربهێنرێت لە دوکانەکەیدا.

٢- ئەگەر کتێبخانەکە (کۆشک) بوو، دەبێت خاوەنەکەی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پارێزگا وەربگرێت.

٣- هەر کتێبخانەیەکی مۆڵەتدراو گەر لقێکی دیکەی بەجیا هەبێت، یان لە دوکانێکی بەجیا دایناببێت، ئەوە دەبێت مۆڵەتدراو بۆ ئەمەشیان مۆڵەتی یاسایی بەجیا وەربگریت.

**ماددەی (٦): نووسینگەی کۆمپیوتەر و شوێنەکانی چاپی سکرین و زەنگۆگراف و نەخشەسازی.**

داواکارانی کۆمپیوتەر بۆ کاری کۆمپیوتەر و چاپی سکرین دەبێت بە وردی پابەندی ئەم خاڵانەش بن:

١- مۆڵەتدراوان بۆیان نییە بەهیچ شێوەیەک کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە یان کیس و کلێشەی پەیوەندیدار بە کەرەستە و خۆراکی بواری ئابووری، بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگا چاپ یان ڕەنووس بکات.

٢- لە کاتێکدا مۆڵەتدراو بۆی نەکرێت لە شوێنی کارەکەدا کار بکات، دەبێت وەکالەتیکی گشتی لە (فەرمانگەی دادنووسی) بۆ بریکار بکات، لەپاڵ ڕەزامەندی دەزگاکان.

٣- هەر چاپکراوێک دەبێت ناوی سیانی نووسینگەی بەسەرەوە بێت، بۆ زەنگۆگراف و سکرینیش دەبێت بە وردی ناوی تەواو ومۆڵەتی ئەو دەزگایە تۆمار بکات کە کارەکەی بۆ ئەنجام دراوە، لەکاتی سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکانیش مۆڵەتدراو بەپێی یاسا سزا دەدریت.

٤- هەردوو دەزگای کۆمپیوتەر و سکرین دەبێت تۆمار و دۆسیەی تایبەتییان هەبێت و هەموو ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن تیایدا تۆمار کرابن و هەڵگیرابن و لەکاتی پشکنین بخرێنە ڕوو.

**ماددەی (٧):**

تاقیگە و ستۆدیۆکانی وینەگرتن و وێنەگری فۆتۆگراف و وینەگرانی گەڕۆکی ڤیدیۆیی و وێنەگرانی گەڕۆکی فۆتۆ و وێنەگرانی گەڕۆکی سەر بە ستۆدیۆکانی وێنەگرتن مۆڵەتدان بۆ ئەم جۆرە بابەتانە کار بە ڕێنمایی مۆڵەتدانی وینەگران لە کوردستان (کە بە ژمارە ٧٩٦٩ لە ٢٠١٣/٨/٢١ دەرچووە) بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان دەکرێت، پێویستە داواکاری مۆڵەت پشتگیری کۆمەڵەی وێنەگرانی هەبێت.

**ماددەی (٨): نووسینگەکانی مۆر هەڵکەندن:**

١- مۆڵەتدراو دەبێت تۆمارێکی هەبێت نموونەی هەموو ئەو مۆرانەی تیدابێت کە ڕۆژانە دروستیان دەکات، لەپاڵ ناوی ئەو کەسانەی مۆرەکە بەکردن دەدەن و ئەوانەی وەری دەگرنەوە، لەگەڵ ژمارە و ڕۆژی ئەو نووسراوەی لە دەزگا بەرپرسەکانەوە پێیان دراوە بۆ دروستکردنی ئەو مۆرانە، ئەویش بەپێی مەرجی یاسایی و ئەو ڕێنماییانەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەیاندرێتێ.

٢- دەبێت تۆمارەکە بە ڕوونی ناو و ناونیشانی ئەو کەسە یان ئەو لایەنەی تێدا بنوسرێ کە داوای دروستکردنی مۆرەکەی کردووە.

٣- هەر دوو مانگ جارێک بە نوسراوێکی تایبەت و لە تۆمارێکی تایبەتدا نموونەی هەمووئەو مۆرانەی دروستکراون دەدرێنە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەگەڵ ئەو نوسراوانەی بۆ دروستکردنی مۆرەکان لە دەزگا و دائیرە و حزب و لایەنەکانەوە وەریان گرتووە، هەموو ئەم زانیاریانەش دەبێت لە تۆماری سەرەکی نووسینگە تۆمار کرابن.

٤- لیژنەی چاودێری و پشکنین لە هەموو کات و ساتێکدا بۆی هەیە نووسینگەکە بە هەموو بەشەکانیەوە بەسەر بکاتەوە و بپشکنێت.

٥- خاوەن نووسینگە لە هەر کارێکی نایاسایی بەرپرس دەبێت.

٦- لە کەسی مۆڵەتدراو بەولاوە کەسێکی دیکە بۆی نییە لە کارگەکەدا کار بکات، بەپێچەوانەوە سەرپێچیکار توندترین سزا دەدرێت.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** نووسینگەی ڕێکخستنی ئاهەنگەکان و فێرگە هونەرییەکان

**دووەم:** تۆمارگەکانی کاسێت و سی دی

**سێیەم:** نەخشەسازی و دیکۆرکێشانی بواری ڕاگەیاندن

**چوارەم:** ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ

- هەموو ئەو شوین و دەزگایانەی سەرەوە دەبێت پابەندی ئەم خاڵانە بن:

١- دەبێت پابەندی هەموو ئەو ڕێنماییانە بن کە بۆ کارەکانیان دەردەکرێن.

٢- لە هەموو نووسینگەکاندا دەبێت تۆماری تایبەت بە کاروباری پشکنین هەبێت لەپاڵ دۆسیەی نوسراو و ڕێنماییەکانی وەزارەت.

٣- تۆمارگەکانی دەنگ دەبێت تۆماری تایبەتیان هەبێت بۆ ئەو کاسێتانەی بڵاوی دەکەنەوە، هەر کاسێتێکیش مۆڵەتی ڕەسمی نەبێت لە دەزگا پسپۆڕەکانەوە ئەوە بەپێی یاسا قەدەغەیە و خاوەن تۆمارگە نابیت بەکاریان بێنێت و بلاویان بکاتەوە.

٤- تۆمارگەکان دەبێت ئەو کاسێتانە بڵاو نەکەنەوە کە زەرەر بە دابوو نەریت و کەلەپووری کوردستان دەگەیەنن.

٥- لە کاتی فرۆشتن و گواستنەوەی دوکان، یان نووسینگە، تۆمارگە دەبێت پێشتر بە نووسین ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت.

٦- هەر سەرپێچیەک لە کارەکاندا بکریت بەپێی یاسا مۆڵەتدراو سزا دەدرێت.

٧- نەخشەسازی و دانانی دیکۆر لە بوارەکانی تەلەفزیۆن و ئاهەنگەکان و کۆنفرانس و فیستیڤاڵەکان.

٨- فێرگە هونەرییەکان لە بوارەکانی (مۆسیقا، شانۆ، شێوەکار، سینەما)، پێویستە هەڵگری بڕوانامە یاخود پسپۆر بن لە بوارەکەدا، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان پشتگیریان بکات.

**ماددەی (١٠):**

فۆتۆکۆپی (أستنساخ) - کەپسی ناسنامە (کبس الهويات) - پەڕاوگە (القرطاسية) داواکارانی مۆڵەتی ئەم پیشانە دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیڕەو بکەن:

١- ئەو کەسانەی داوای مۆڵەتی ئەم پیشانە دەکەن دەبێت شوێنی دیار و گونجاویان هەبێت بەمەرجێک لەگەڵ سروشتی پیشەکانیاندا بگونجێت.

٢- داواکاری مۆڵەت دەبێت خۆی کاروباری شوینە مۆڵەتدراوەکە بەڕیوە بات و لەوە بترازێت نابێت کەسی دووەم، یان هەر کەسێکی دیکە لەو شوینەدا کار بکات، مەگەر وەکالەتی گشتی یان تایبەتی لە (فەرمانگەی دادنووسی)ەوە هەبێت.

٣- جگە لەو پیشەیەی مۆڵەتی بۆ وەرگرتووە، دەتوانێت پیشەیەکی تریش لە دوکانەکەیدا بکات بەمەرجێک ئەو پیشەیە:

أ- لە ڕێنمایی ڕۆشنبیریدا هەبێتو ئەو دوو پیشەیە تەواوکەری یەکتربن و بگونجێن بەمەرجێک لە ژووری بازرگانی ئەم پیشە نوێیە بۆ سەر ناوی بازرگانی زیاد بکات.

ب- ڕەزامەندی دەزگاکانی ناوخۆی بۆ وەربگیرێت.

ج- رسومی ئەم کارە (پیشە) نوێیەشی لێ وەردەگیرێت.

د- لە باجی دەرامەتیش ئەو پیشەیە زیادبکریت، واتە ئەستۆپاکی هەبێت.

بۆ نمونە: هاووڵاتییەک مۆڵەتی کۆمپیوتەری هەیە، دواتر داوای زیادکردنی فۆتۆکۆپی دەکات بۆ سەر کارەکەی، دەبێت بە کۆمپیوتەر و فۆتۆکۆپی ، یان مۆڵەتی وێنەگری هەیە دواتر داوای زیادکردنی فۆتۆکۆپی دەکات بۆ سەر کارەکەی دەبێت بە وینەگر و فۆتۆکۆپی.

٤- مۆڵەتدراوانی پیشەی فۆتۆکۆپی و تایپ کاری هەر کارێکی نامەشروع و قەدەغەکراو ئەنجام بدەن ئەوە بەپێی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت.

٥- مۆڵەتدراوانی ئەم پیشانەی سەرەوە لەکاتی گواستنەوە یان هەر کارێکی دیکە پەیوەست بە گۆڕانکاری لە کارەکانیدا دەبێت لەماوەی دوو هەفتەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە.

**ماددەی (١١):**

نووسینگە و تۆمارگەکانی ڤیدیۆ و CD و DVD، ئەم پیشانە ئەم خاڵ و مەرجانەی خوارەوە دەیانگرێتەوە:

١- مۆڵەتدراو دەبێت پابەندی هەموو بنەماکانی داب و نەریتی کوردەواری بێت و بەهیچ جۆرێک نابێت ئەو فیلمانە بڵاوبکاتەوە یان تۆمار بکات کە کاری خراپ یان زیان بە کۆمەڵگای کوردەواری دەگەیەنێت.

٢- هەموو ئەو فیلمانەی لە نوسینگەکە یان لە تۆمارگاکەدا دایان دەنێت، دەبێت لە تۆمارێکی تایبەتدا تۆمار کرابن و مۆری دەزگا پسپۆڕەکانیان پێوەبێت و لە ڕووی یاساییەوە مۆڵەت درابن.

٣- لیژنەی چاودێری و پشکنین بەردەوام ئەو نووسینگانە بەسەر دەکاتەوەو بۆی هەیە لە هەر کات و ساتێکدا ئەو شوێنانە بپشکنێت و ئەو فیلمانەی لەبەر دەستتان یەکە یەکە بیان پشکنێت و سەرنجیان بدات و ئەوانەی قەدەغەن دەستیان بەسەردا بگرن و خاوەنەکانیشیان بەپێی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت.

٤- دەکریت مۆڵەت بدرێتە ئەو کۆمپانیا و نووسینگانەی کە فیلم لە دەرەوەی هەریم دێنن بەنیازی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەپێکردن، هەروەها ئەو دەزگایانەی کە فیلم بەرهەم دێنن ئەویش لە ڕێگەی خاوەن یان نوێنەری دەزگاکە.

٥- بەڕیوەبەرایەتی گشتی بە نوینەرایەتی وەزیری ڕۆشنبیری ولاوانی هەرێم بۆی هەیە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی بخوازێت، مۆڵەتەکە لە یەک لاوە هەڵبوەشێنێتەوە، هەر کاتێکیش هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە نەما ئەوە بۆی هەیە دووبارە داوای مۆڵەت بکاتەوە.

٦- دەبێت ئەو بابەتانەی لەسەر کاسێتەکە تۆمار دەکرێن لەلایەن دەزگا پسپۆڕەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانەوە مۆڵەت درابن و هیچ گرفتێکیان نەبێت.

٧- لە حاڵەتی مردنی خاوەن مۆڵەت بە هەڵوەشاندنەوە دادەنریت، مەگەر میراتگرەکانی داوای تازەکردنەوەی بکەن، لەو کاتەوە پابەند دەبن بەم ڕێنماییانەوە.

٨- کەسی مۆڵەتدراو ئەگەر نووسینگەکە بفرۆشێت، یان واز لە بەشێکی بێنێت بۆ یەکێکی دیکە، ئەوە دەبێت ئەو کەسەی دەیکڕێت هەموو مەرجەکانی ئەم ڕێنماییەی تێدا بەدی بێت و دەبێت داواکارییەکیش پێشکەش بکات بۆ گواستنەوەی مۆڵەتەکە بۆ سەر ناوی خۆی، چ هەموو مۆڵەتەکە بێت یان بەشێکی.

٩- مۆڵەتدراو دەبێت ئەم تۆمارانە لە نووسینگەکەیدا هەبن:

أ- تۆمارێک بەناونیشانی ئەو کاسێتانەی لە نووسینگەکەدا هەن.

ب - تۆمارێک بۆ لیژنەی پشکنین و بەسەرکردنەوە.

ج- تۆماریک بۆ ئەو کاسێتانەی لەلایەن لیژنەی چاودێری و دەزگا بەرپرسەکان دەبردرێن بۆ پشکنین و بەسەرکردنەوە.

د - دۆسیەیەکی تایبەت بە نووسراو و ڕێنماییەکان کە بۆ کاری ڕۆژانە بەکاردێن.

١٠- نووسینگەکانی ڤیدیۆ ئەوانەی کاری وێنەگرتن و کاسێت فرۆشی دەکەن، لەگەڵ ئەو تۆمارگایانەی تەنها کاری تۆمارکردن دەکەن، هەموو ئەو بڕگە و خاڵانەی سەرەوە وەکو یەک دەیانگرێتەوە.

١١- هەموو ئەو کەسانەی بەبێ مۆڵەت کاسێت و سی دی و فیلمی ڤیدیۆیی دەفرۆشن و مامەڵەی پێوە دەکەن، لەم کارە قەدەغە دەکرێن و لەکاتی سەرپێچی کردندا دەست بەسەر کاسێت و فیلمەکانیاندا دەگیرێت و خۆشیان سزا دەدرێن.

**ماددەی (١٢):**

خۆشنووسان- کۆڵین و نەخشی سەردار و مەڕمەڕ و بەرد و شوشە - نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆکی کتێب و دیکۆراتی زەخرەفە.

هەموو ئەو نووسینگانەی سەرەوە دەبیت پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

١- دەبێت شوێن و نووسینگەی تایبەتییان هەبێت بۆ کاری ڕۆژانەیان.

٢- سەرجەم خۆشنوسان دەبێت پابەندی یاسا و ڕێساکانی خۆشنووسی بن و دەبێت لەلایەن کۆمەڵەی خۆشنووسانەوە پشتگیرییان لێ بکرێت.

٣- داواکاری مۆڵەت بۆ یەکەم جار دەبێت لەلایەن کۆمەڵەی خۆشنووسانەوە پشتگیری لێ بکرێت و لە تاقیکردنەوەش سەر بکەوێت کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە دەکرێت.

٤- هەموو خاوەن نووسینگەکانی لە سەرەوە دیاری کراون لە خۆیان و وەکیل و کارمەندە هاوکارەکانیان بترازێت نابێت کەسێکی دەیکە لە نووسینگەکانیاندا کار بکات، بەمەرجێک وەکیل و کارمەندەکانیان بەڕەسمی مۆڵەت دراىن، یان وەکالەتی گشتی (فەرمانگەی دادنووسی)یان هەبێت.

٥- لەکاتی گواستنەوەی نووسینگە، یان هەر گۆڕانکارییەک کە لە نووسینگەکەدا ڕوویدات مۆڵەتدراو پێش دوو هەفتە دەبێت بە نووسین بەڕێوەبەرایەتی گشتی خۆی لێ ئاگادار بکات.

٦- خاوەن نووسینگەکانی خۆشنووسی دەبێت پابەندی ئەم خاڵانە بن:

أ-پەیڕەوکردنی لایەنی ڕێک و پێکی و جوانکاری لە نووسینگەکەدا.

ب- مۆڵەتەکەی لە شوێنێکی بەرچاو لەنێو نووسینگەکەیدا هەڵبواسێت.

ج- هەر نووسینێکی دەینوسێت دەبێت ناوی خۆی لەسەر بنوسێت.

٧- لیژنەی چاودێری و پشکنین لە هەر کات و ساتێکدا بۆی هەیە نووسینگەکانی بەسەر بکاتەوە، بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکان و پابەندبوون پێیانەوە.

٨- هەموو ئەو نووسینگانەی بەبێ مۆڵەت کار دەکەن و مەرجی یاساییان نییە بەهۆی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش لەکار قەدەغە دەکرێن و بەپێی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت.

٩- ئەو خۆشنووسانەش کە شوێن و نووسینگەی تایبەت بە خۆیان نییە، دەبێت پشتگیری نووسینگەیەکی خۆشنووسی و ڕەزامەندی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی یاساییان هەبێت، بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە و بواری کارکردنیان نادرێت.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** کۆمپانیا و نوسینگەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن وچاپ وڕیکلام- ئیعلاناتی ضوئی و فلیکس

١- هەموو ئەم کۆمپانیا و نوسینگانەی کاری بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و ڕیکلام دەکەن، کە داوای مۆڵەتی پیشەیی کارەکەیان دەکەن، پێویستە داواکانیان ئاراستەی بەڕیوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە بکەن و پابەند تەواوی ڕینماییەکانی تایبەت بەم بوارە بن کە بەڕیوەبەرایەتی ناوبراو دەیخاتە ڕوو.

٢- خاوەن نووسینگەکانی ئیعلاناتی ضوئی و فلیکس دەبێت پابەندی ئەم خاڵانە بن:
أ -پەیڕەوکردنی لایەنی ڕێک و پێکی و جوانکاری لە نووسینگەکەدا.
ب -مۆڵەتەکەی لە شوێنێکی بەرچاو لەنێو نووسینگەکەیدا هەڵبواسێت.
ج -هەر نووسینێکی دەینوسێت دەبێت ناوی خۆی لەسەر بنووسێت.
**ماددەی (١٤):** ئەو کەس و کارمەند و شاگردانەی لە نووسینگە و شوێنە مۆڵەتدراوەکان کار دەکەن:
بۆ مۆڵەتدانی ئەمانەش ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیڕەو دەکرێن:
١- داواکارییەک پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکریت.
٢- ڕەزامەندی دەزگاکانی (وەزارەتی ناوخۆ) و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگا بۆ جاری یەکەم.
٣- پشتگیری ئەو شوێنەی کارمەندەکە کاری تێدا دەکات.
٤- ئەم بەڵگەنامانەش دەخاتە ڕوو:
أ - فۆتۆکۆپی شوناسنامەی داواکاری مۆڵەت.
ب - ڕەگەزنامەی عێراقی کۆپی کراو یان کارتی نیشتمانی.
ج - دوو وێنەی تازەی داواکاری مۆڵەت.
د - بۆ بیانییەکان ئیقامەی کار و نیشتەجێ بوون.
٥- داواکاری مۆڵەت دەبێت تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.
**ماددەی (١٥): ئەحکامی گشتی:**
١- بۆ بەسەر کردنەوە و بەدواداچوونی کاروباری ڕۆژانەی مۆڵەتدراوان لە هەر پارێزگایەکدا لە پارێزگا یان قائیمقامیەت، لیژنەیەکی چاودێری و پشکنین پێک دێت بە سەرۆکایەتی نوێنەری ڕۆشنبیری و بە بەشداری نوێنەرانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، لیژنەکەش هەموو دەسەڵاتێکی یاسایی دەبێت بۆ جێبەجێ کردنی خاڵ و بڕگە و بەندەکانی ئەم ڕێنماییە.
٢- لیژنەیەکی پشکنینی هەمیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری پێکدێت لە فەرمانبەرانی بە مەبەستی پشکنین و چاودێری کردنی مۆڵەت پێدان و نوێ کردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.
**ماددەی (١٦):** داهات یان باجەکانی مۆڵەتدان:
**یەکەم:** داهات: یان باجی مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی مۆڵەت بەپێی خشتەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕێنماییانەدا وەردەگیرێت و کۆ دەکرێنەوە.
**دووەم:** پارەکان بەپێی پسوولەی (محاسبە ٣٧أ) وەردەگیرێن و کرێی پشکنین و چاودێری و بەسەرکردنەوەش ماوە ماوە بەپێی فەرمانێکی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار بەسەر سەرۆک و ئەندامانی لیژنەدا دابەش دەکرێت بەرامبەر بە ئەرک و ماندووبوونیان بۆ بەدواداچوونی مۆڵەتەکان، بەپێی ڕێنماییە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** خشتەی ڕسوماتی مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی پیشە هونەرییەکان:

| | جۆری خزمەتگوزاری | ڕەسمی مۆڵەت بۆ یەکەم جار | نوێکردنەوەی مۆڵەت | کرێی کەشف |
|---|---|---|---|---|
| -١ | کۆمپانیا ڕۆشنبیری و هونەرییەکان | ٥٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٩،٠٠٠ هەزار دینار |
| -٢ | سینەماکانی نمایش | ١٠٠٠,٠٠٠ یەک ملیۆن دینار | ٥٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١١،٢٥٠ هەزاردینار |
| -٣ | فێرکاری کۆمپیوتەر | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزاردینار | ٣،٧٥٠هەزاردینار |
| -٤ | تاقیگەکانی وێنەگرتن | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزاردینار |
| -٥ | تیــپ و فێــرگە مۆســیقییەکان و هونەرییەکانی تر | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠هەزاردینار |
| -٦ | تۆمارگای ڤیدیۆ | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٤،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٧ | نووسینگەی ئاسایی ڤیدیۆ | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٤،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٨ | وێنە گرتنی فۆتۆگراف | ١٠٠٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٩ | وێنە گرتنی بەر هەتاو | ٥٠٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزار دینار |
| -١٠ | تۆمارگەی دەنگ | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٤،٥٠٠ هەزار دینار |
| -١١ | نەخشەساز و دیکۆر | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٢ | مۆرهەڵکەندن | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٣ | خۆشنووس پلە یەک | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٤ | خۆشنووس پلە دوو | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزار دینار |
| -١٥ | فۆتۆکۆپی ئاسایی | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣٧ ٥٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٦ | فۆتۆکۆپی ملون | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -١٧ | ستۆدیۆی وێنەگرتن پلە١ | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -١٨ | ستۆدیۆی وێنەگرتن پلە٢ ئەوانەی تەنها وێنەی معاملە دەگرن | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٠٠٠ هەزار دینار |
| -١٩ | قرطاسیە پلە یەک (پەڕاوگە) | ٥٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٢٠ | قرطاسیە پلە دوو (پەڕاوگە) | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٢١ | کپسی ناسنامە | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٢٢ | وێنەگرتنی ڤیدیۆ | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٢٣ | وێنەگرتنی فۆتۆگرافی گەڕۆک | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزاردینار |
| -٢٤ | بەردەست و شاگردی و تاقیگەکان | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ١،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٢٥ | سەنتەری تۆمارکردنی سی دی | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٢٦ | دەسفرۆشی سی دی و کتێب هتد... | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزاردینار |
| -٢٧ | زەنگۆگراف و هەڵکۆڵین لەسەر دار و بەرد و ڕووپۆش | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٢٨ | نوسینگەی ڕێکخستنی ئاهەنگەکان | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| -٢٩ | نووسینگەکانی کۆمپیوتەر | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٣٠ | نووسینگەی دۆبلاژ | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٣١ | نووسینگەکانی تجلیدی کتێب | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٣٢ | دروست کردنی پێناسی پلاستیکی | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٣٣ | ستۆدیۆی دەنگی | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |

**چوارەم:** خشتە و ڕسوماتی مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی مۆڵەتی پیشەیی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە ئەنجام دەدرێت:

| | جۆری خزمەتگوزاری | ڕەسمی مۆڵەت بۆ یەکەم جار | نوێکردنەوەی مۆڵەت | کرێی کەشف |
|---|---|---|---|---|
| -١ | چاپخانەی پلە یەک | ٥٠٠٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠٠٠٠ هەزار دینار | ٧،٥٠٠ هەزار دینار |
| -٢ | چاپخانەی پلە دوو | ٣٠٠٠٠٠هەزار دینار | ١٥٠٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٣ | چاپی سکرین | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٩،٠٠٠هەزاردینار |
| -٤ | ئیعلاناتی ضوئی | ٣٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٤،٥٠٠هەزار دینار |
| -٥ | کتێبخانەکان | ١٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٧٥٠ هەزار دینار |
| -٦ | کۆمپانیای بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و چاپ و ڕیکلام | ٥٠٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٢٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٩،٠٠٠ هەزار دینار |
| -٧ | نوسینگەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن وچاپ و ڕیکلام | ١٥٠ ٠٠٠ هەزار دینار | ٧٥ ٠٠٠ هەزار دینار | ٣،٠٠٠ هەزاردینار |

**ماددەی (١٧):**

**سزاکان**: لەکاتی سەرپێچی کردنی یاسا و ڕێنماییەکان خاوەن پیشە بەم شێوەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

١- ئاگادارکردنەوە.

٢- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣) تاوەکو (١٥) ڕۆژ.

(ئەگەر لە ماوەی (١) یەک ساڵ (٢) دوو جار شوێنەکەی داخرا ئەوا مۆڵەتەکەی بە یەکجاری هەڵدەوەشێتەوە).

**ماددەی (١٨):**

هەر ڕێنماییەک لەگەڵ ئەم ڕێنماییە نەگونجێت و پێچەوانە بێت، هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێ ناکرێت.

**ماددەی (١٩):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**حەمەی حەمە سەعید**

**وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان**